# ئاكسیۆنی ناڕەزایەتی لەبەرامبەر سەفارەتی ئەمریكا لە ئۆسلۆ

لەبەرامبەر دزیو تالآنیو فەسادی قایمقامو بڕیاری دەسەڵاتدارانی ناوخۆیی شارەبان بۆ داخستنی بارەگای حككع بە هۆی ئەوەی كە ڕابەرایەتی ناڕەزایەتی خەڵكی كرد دژی دزیو تالآنی قایمقام، دوا نیوەڕۆی ئەمڕۆ شەممە ڕێكەوتی 2004/10/16 ڕێكخراوی نەرویجی حزب ئاكسیۆنێكی ناڕەزایەتی لەبەرامبەر سەفارەتی ئەمریكادا لە ئۆسۆ سازدا. شایانی ووتنە كە چەند دۆستێكی حزبو هاوڕێیانی ڕێكخراوی نەرویجی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی ئێران_ حكمەتیست بەشداری ئاكسیۆنەكەیان كرد. بەیاننامەی سەمیر عادل، سەرۆكی هەیئەی تەنفیزی حزب بە زمانی ئینگلیزیو عەرەبی لە لایەن كامل ئەحمەد، سكرتێری كۆمیتەو بەیاننامەی یەكێتی بێكاران لە عێراق بە زمانی ئینگلیزی لە لایەن جمال محسنەوە خوێندرانەوە. ئەمەو بێجگە لە چەندین لافیتەو تراكتێك، چەندین شیعاریش بە بڵندگۆ لە لایەن ئامادەبووانەوە ئەووترانەوە.















**ڕێکخراوی نەرویجی**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2004/10/16